# ئەی ڕوەیفیع، لەوەیە لە پاش من بۆ ماوەیەکی زیاتر بژیت؛ بە خەڵکی ڕابگەیەنە ئەوەی ڕیشی گرێبدات وبیبەستێـتەوە، یان پەتێک بکاتە ملیەوە، یان بە پاشەڕۆی ئاژەڵێک یان بە ئێسکێک خۆی لە پاشەڕۆی پیس پاک بکاتەوە؛ ئەوا موحەمەد بەریئە لەو کەسە وهیچ پەیوەندییەکی پێوەی نییە

لە ڕوەیفیعەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- پێمی فەرموو: «ئەی ڕوەیفیع، لەوەیە لە پاش من بۆ ماوەیەکی زیاتر بژیت؛ بە خەڵکی ڕابگەیەنە ئەوەی ڕیشی گرێبدات وبیبەستێـتەوە، یان پەتێک بکاتە ملیەوە، یان بە پاشەڕۆی ئاژەڵێک (بە تەپاڵەیەک) یا بە ئێسکێک خۆی لە پاشەڕۆی پیس پاک بکاتەوە؛ ئەوا موحەمەد دوور وبەریئە لەو کەسە وهیچ پەیوەندیەکی پێوەی نییە».
[صەحیحە] [نەسائی گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هەواڵی ئەوە دەدات کە ئەم هاوەڵە تەمەنی درێژ دەبێت هەتا دەگاتە سەردەمی کەسانێک کە پێچەوانەی سونەت وڕێبازی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەبنەوە لە هێشتنەوە وخزمەتکردنی ڕیش بەرەو تێکدانی شێوەی ڕیش وناشیرین کردنی ئەمیش بەهۆی لاسایی کردنەوەی بێباوەڕان یان ئەو کەسانەی خەریکی ڕابواردن وشێوە ومۆدێلن. یان سنوورەکانی بیروباوەڕی تەوحید (یەک خوا پەرستی) تێدەپەڕێنن ئەمیش بەهۆی ئەوەی پەت وملوانکە یان هەڵیدەواسن بە لاشەی ئاژەڵەکانەوە کە پێیان وایە لە زیان دەیانپارێزێن کە ئەمیش جۆرێکە لە جۆرەکانی شیرک وهاوبەشدانان بۆ خوای گەورە -سبحانه وتعالى-. یان ئەوەی پێغەمبەرەکەیان نەهی لێکردوون ئەنجامی دەدەن لە خۆ پاککردنەوە بە پاشەڕۆی ئاژەڵ (تەپاڵە) وئێسک. پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئامۆژگاری هاوەڵەکەی کرد کە بە ئومەتەکەی ڕابگەیەنێت؛ کە ئەو بەریئە وهیچ پەیوەندی بە کەسێکەوە نییە کە شتێک لەمانە ئەنجامبدات.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/6764

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee